# مامناوەندێتی لە ئیسلامدا

الوسطية في الإسلام

✍: زانای پایەبەرزو فەرمودە ناس

شێخ ربيع بن هادي المدخلي

وەرگێڕان وکورت کردنەوەی: م.عبدالغفور عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

خوێنەری بەرێز: ئەم بابەتەی بەردەستت بریتییە لەوەرگێڕان وکورت کردنەوەی کۆڕێکی زانای پایەبەرزو فەرمووەدناس شێخ ربيع بن هادی المدخلی (خوا بیپارێزێت) کەباس لەمام ناوەندێتی ئاینی پیرۆزی ئسلام دەکات ولەبەر گرنگی بابەتەکە بەباشم زانی وەری بگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی بۆ ئەوەی سودو کەڵك و زانیارییەکانی زیاترو فراوانتر بێت بە پشتیوانی خوای گەورە.

## لەتایبەتمەندییەکانی ئیسلام

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئیسلام کە لەژمارە نایەن و ناژمێردرێن بریتییە لە(مام ناوەندێتی) لەهەموو کاروبارێکدا، وەتایبەتمەندییەکانی تریش وەك سۆزو بەزەیی و کاربەجێیی و دانایی و ئارام گرتن‌و گشت رەوشتە جوانەکانی تر کە لە هەموو پەیامەکانی تریشدا هەن کە پێغەمبەریش ﷺ نێردراوە بۆ تەواوکردنیان وەك دەفەرمێت:

(إنما بعثت لأتم مكارم الأخلاق)(١) .

واتە: نێردراوم بۆ تەواو کردنی رەوشتە بەرزو جوانەکان.

(١) (رواه البيهقي في السنن: ١٩١/١٠، والشهاب في المسند: ١٩٢/٢، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٥).

لــه ئیـسلامدا مــام ناوەنــدێتی هەیــە لـــەبیروباوەڕو مەنهـــەج و شـــەریعەت و حوکمەکانیـدا، وە مـام ناوەنـدی لـەنێوان دوو بەرەدایـــە، بـــەرەی زیـــادەڕەوی و تێپەڕانــدن، وەبــەرەی کــورتڕەوی کــەم تەرخـــەمی، وە هـــەر بابـــەتێکیش کـــە موسڵمان لێی ورد بێتـەوە لـە بیروبـاوەڕو عیبـــادەت و حـــوکم و .... هتـــد، ئـــەوا بێگومـــان و بەدڵنیاییـــەوە مـــام ناوەنـــدی تێدایە دوور لەهــەموو زیادڕەوی و کـورت ڕەوییـــەك، وە خـــوای گـــەورە دەربـــارەی پلــەو پایــەی ئــەم ئوممەتــە دەفــەرمێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ [البقرة: ١٤٣] .

واتە: ئێوەمان کردووە بە ئوممەتێکی وەســـەتو مامناوەنـــد لەهـــەموو بـــوارو کاروبارێکدا، وەبۆ ئەوەی بەهۆی ئەم مام ناوەندییـــەوە بـــبن بـــە شـــاهید بەســـەر خەڵکییـــەوە و پێغەمبـــەریش ﷺ شـــاهید بێت بەسەرتانەوە.

بـــەم شـــێوەیە خـــوای گـــەورە ئـــەم ئوممەتـــەی هەڵبـــژاردو شـــاهیدی بـــۆدان بەوەی کە مام ناوەندن.

وە پێغەمبـــەریش ﷺ ئوممەتەکـــەی پـــەروەردە دەکـــرد لەســـەر ئـــەم مـــام ناوەندێتییەو دوری دەخستەوە لە هـەموو توندوتیـــژی و زیـــادەڕەوی لـــە هـــەموو کاروبارێکدا بەتایبەت لە عیبادەت کردندا.

## نمونەیەك لـەمام ناوەندێتی

چەند کەسێك هاتن بۆ ماڵ خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ وپرسیاریان کرد دەربـارەی کارو کـردەوە وعیبـادەتی پێغەمبـەرﷺ، ئـــەوانیش هـــەواڵیان پێـــدان بـــەوەی کـــە پێغەمبـــــەر ﷺ شـــــەونوێژ دەکـــــات و دەشخەوێت، وەهەندێ ڕۆژ بەڕۆژو دەبێت و هەندێ ڕۆژ بـەڕۆژو نابێـت، وەهــەروەها ژنیش دەهێنێت، (وەیـەکێك لـەو کەسـانە ووتـــی: (مـــن هـــەموو شـــەوێك شـــەونوێژ دەکـەم و هـەرگیز ناخـەوم، یـەکێکی تـر ووتـــی: وەمـــن بـــەردەوام بـــەڕۆژو دەبم و هـــەرگیز ڕۆژو ناشـــکێنم، وە ســـێیەمیان ووتـــی: وەمـن هـەرگیز ژن نـاهێنم) ئینجـا پێغەمبـەرﷺ هـات بۆلایـانو، پێـی وتـن: (ئایا ئێوە ئاواتان ووتوە؟) وتیـان بـەڵێ. پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(أما أنا فأقوم وأنام، وأصـــوم وأفطـــر، وأتزوج النساء، فمن رغب عـــن ســـنتي فليس مني)[٢].

واتــە: بــەڵام مــن شــەو نوێــژ دەكــەم و دەشــخەوم و هەنــدێ ڕۆژ بــەڕۆژ دەبم و هەندێ ڕۆژ بەڕۆژو نابم، وەژنیش دەهێنم وەهەر كەسێك پشت لەسوننەتەكەی من بكاتو لێی لابدات ئەوا لەمن نییە.

پێغەمبـــەر ﷺ توندوتیـــژی بـــە پێـــچەوانەی ســـوننەتی خـــۆی دانـــا، وەهەروەها نەبوونی مام ناوەندی بەپشت كـردن بەسـوننەتەكەی دانـا، وە بـەری بوونی خۆی دەربـڕی دەربـارەی ئەوانـەی كەپـــشت لـــە ســـوننەتەكەی دەكـــەن، هـــاوەڵانی پێغەمبـــەریش ﷺ، ئەوانـــەی كەفێری كردن و ئەم وانە گەورەیـەی پـێ بەخشین، سودیان لێ بینی، بـەڵام ئـەهلی بیدەع و بیدعەچییەكان وئەوانـەی شـوێن هـــەواو ئارەزوەكانیـــان كـــەوتوون هـــیچ سودێك لەم پەندو ئامۆژگاریانە وەرناگرن.

(٢) (أخرجـــه البخـــاري: ٥٠٦٣، ومـــسلم: ١٤٠١، والنسائي: ٣٢١٧، وأحمد: ٦٤٤١).

## زیادەڕەوی لەناو ئوممەتاندا زۆرە

ئەگەر سەیری زیادەڕەوی بكەین لـەناو ئوممەتانـدا بۆمـان دەردەكـەوێت كـەزۆر كۆنەو تارۆژی دوایی درێـژ دەبێتـەوە، وە یەكەم زیادەڕەویش لەقـەومی (نـوح) ﷺ ســەری هەڵــدا كــەزیادەڕەویانكرد لــە پیاوچــاكانیاندا، وەشــەیتانیش لــەوەدا پێشەوایەتی كـردن بـەوەی كەپەیكـەریان بـۆ دروسـت بكـەن، ئـەوانیش دروسـتیان كـرد، وە كـاتێكیش ئـەم نەوەیـە مـردن نـــەوەكانی دوای ئـــەوان هـــاتن و ئـــەم پەیكەرانەیان پەرست، پاشان (نـوح) ﷺ هات وبانگی كردن بۆ ئەوەی بەتەنها خـوا بپەرستن، وە تێكۆشاو هەوڵیدا بۆ ئەوەی وازبهێنن لەو زیادەڕەویـەو پەرسـتنی ئـەو پەیكەرانـە كەبەرهـەمی زیادەڕەوییـە، وە نۆســەدو پــەنجا ســاڵ بانگــەوازی كـردن كەچـی ئـەوان پـشتیان هـەڵكردو خۆیـان بەگەورە دەزانی وسەرپێچیان دەكرد.

وەهــــەروەها یــــەكێكی تــــر لــــە زیادەڕەویـــەكانیان بریتـــی بـــوو لـــە زیـادەڕەوی كـردن لـە بـاوو باپیرانیـان، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ﴾ [المؤمنون: ٢٤].

واتــە: ئێمــە لــەباوو باپیرانمــان گــوێ بیستی شتی وانەبووین.

وەباو باپیرانیانو ئەوانـەش کەلـەدوای خۆیــان جێیــان هێــشتون بــەپیرۆزیان دادەناو زیادەڕەویان تیادا دەکرد.

وەهــەر بەوشـێوەیەش قــەومی هــودو صالح وگشت ئوممەتانی تـر گومڕابـوون و لایــان دابــوو، وە خــوای گــەورەش پێغەمبەرانی بۆ ناردن بۆ دژایەتی کردنـی لادان و زیادەڕەوییــەکانیان لەدروســت کردنــی پەیکــەری پیاوچــاکان ولاســایی کردنـــەوەی عـــادەتی خراپـــی بـــاوو باپیرانیان.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّـــةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٢] .

واتــە: بــەڵکو ئێمــە بـاوکو باپیرانمـان لەسەر شـێوازە پەرستنێك بینییـەوە، وە ئێمـــەیش شـــوێنی شـــوێنەواری ئـــەوان دەکەوین.

کەزیادەڕەوی و شانازیان دەکـرد بـەو کارە خراپانەی کەباوو باپیرانیان لەسەری بوون دژایەتی پێغەمبەرانیان پیێ دەکـردن و دەیــان ووت: بــاوو باپیرانمــان لەســەر ئـەوەبوون ئێمـەش لەسـەر ڕێ و شـوێنی ئـــەوان دەڕۆیـــن، خـــوای گـــەورە دەفەرمووێت:

﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَـا أُرْسِـلْتُمْ بِـهِ كَافِرُونَ﴾ [الزخرف: ٢٤].

واتـــە: پێغەمبەرەکـــەیشﷺ پـــێی دەوتن: ئایا ئەوەی کە من لە لایەن خوای گەورەوە بە سروش بۆتانم هێناوە باشترو هیدایـەت دەرتـر نییـە لـەوەی کـە بـاوکو باپیرانتــان لەســەری بینیـوە؟! ئـەوانیش لەوەڵامـدا دەیـانووت: زۆری لەسـەر مـەڕۆ ئەوەی کە ئێوەی پی نێردراون ئێمە پێی بێباوەڕو کافرینو نکوڵی دەکەین .

وەهەروەها دەفەرمووێت:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَـوْ كَـانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾[البقرة: ١٧٠] .

واتە: وە ئەگەر لە لایەن پێغەمبـەرەوە ﷺ پێیان بوترایـە شـوێنی ئـەو سروشـە بکەون کە خـوای گـەورە بـۆی ناردونەتـە

خــوارەوە، ئــەوان دەیــان ووت: بــەڵکو شــوێنی ئــەوە دەکــەوین کــە بــاوكو باپیرانمــان لەســەری بینیــوە، خــوای گــەورەیش دەفــەرمێت: ئایـا نـازانن کـە باوكو باپیرانیان هیچ شتێکیان نـەدەزانیو لەسەر ڕێگای هیدایەتیش نەبوون.

ئەوان شانازیان دەکرد بـە بیروبـاوەڕی خراپ و خوڕەوشتی سوك و ناشرین وئـەو عادەتـە کۆنانـەی کـە لـەناو ئوممەتانـدا بڵاوبـوون و دژایـەتی پێغەمبـەرانیان پـێ دەکرد (سـەلامی خوایـان لـێ بێـت)، هـەر بۆیە خوای گـەورە لـەناوی بـردن بـەهۆی ئــەو زیادەڕەوییــەی کــە دەیــانکرد لــە پیاوچاکان وئەو عادەت وبیروباوەڕەی کە باوباپیرانیان لەسەری بوون .

وە خــوای گــەورە کردنــی بەپەنــدو عیـبرەت بۆ ئەوانـەی کەپەنـدو عیـبرەت وەردەگـرن . بـەڵام ئەوانـەی زیـادەڕەوی دەکەن لەهیچ کـات و سـەردەمێکدا پەنـد وەرنــاگرن لەگــەڵ ئــەوەی هەرشــتێك ببیستن وببینن، تەنانەت ئەگەر ئەو سـزاو تۆڵە سەندنە بەچاوی خۆشیان ببیـنن کـە توشـیان دەبێـت، وەك ئـەو لافـاوەی کـە قەومی (نوح)ی ﷺ پێ لەناوبرد، یان ئـەو بایـەی کەقــەومی (هــود)ی ﷺ پــێ تێـك شــکاند، یــان ئــەو دەنگــەی کەقــەومی (صالح)ی ﷺ پێ لەناوبرد، وەهەموو ئـەو سزایانەی کەخوای گەورە ئوممەتانی تری پێ لەناوبردون.

### هاتنە ناوەوەی زیادەڕەوی بۆ ناو ئەم ئوممەتە.

زیــادەڕەوی کــردن هاتــە نــاو ئــەم ئوممەتە لەگەڵ ئەوەشدا قورئـانی پـیرۆز زۆر وریـایی و هۆشـیاری دەدا دەربـارەی زیــــادەڕەوی، وە پێغەمبــــەریش ﷺ لەسـوننەتی صـەحیحیدا بەهـەمان شـێوە هۆشیارییەکی زۆری داوە لەسەری، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾ [النساء: ١٧١].

واتــــە: ئــــەی خــــاوەن پەرتوکــــە ئاسمانییــــەکان (جولەکــــەو گــــاور) زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتانـداو جگـە لە حەقو ڕاستی بۆ خوای گەورە مەڵێن.

وە ئەمە دەربارەی ئەهلی کیتابە بەڵام موســڵمانانیش دەگرێتــەوە، وە ئەگــەر نـەهی لەئـەهلی کیتـاب بکـات دەربـارەی زیــادەڕەوی ئــەوا ئــەم ئوممەتــە زۆر

لەپێشترە کەنەهی لێ بکرێت، لەبەر ئەوەی زیادەڕەوی پێچەوانەی حەقە، وە مرۆڤی بڕوادارو مام ناوەند تەنها حەق دەڵێن و زیادەڕەوی و کورتڕەوی ناکات.

**هۆشیاری دان دەربارەی زیادەڕەوی.**

پێغەمبەرﷺ دەفەرموویت:

**(اياكم والغو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين)**(٣).

واتە: وریابن و خۆتان بپارێزن لەزیادەڕەوی کردن، چونکە بەڕاستی خەڵکانی پێش ئێوە بەهۆی زیادەڕەوییەوە بە هیلاك چوون.

بۆیە پێغەمبەرﷺ وریایی و هۆشیارییەکی زۆری داوە دەربارەی زیادەڕەوی، تەنانەت لەکاتی حەجی ماڵئاواییداو لەکاتی گەڕانەوەی لەعەرەفاتو موزدەلیفە داوای لە(فضل) کرد کە چەند وردە بەردێکی پێ بدات بۆ ئەوەی شەیتانی پێ ڕەجم بکات، ئەویش چەند وردە بەردێکی پێداو دانەیەکی بەرزکردەوەو فەرمووی:

**(بمثل هذا فارموا وإياكم)**(٤).

بۆیە دەبێت لەم وردە بەردانەشدا مام ناوەند بین و شوێن پێغەمبەرﷺ بکەوین و زیادەڕەوی تیادا نەکەین، چونکە کەم کردن تیایدا کەم ڕەوییە و زیادکردنیش زیادەڕەوییە.

**دینی خوای گەورە حەق ومام ناوەندە**

قورئانی پیرۆزو سوننەت و ژیانی پێغەمبەرﷺ بۆئەم ئوممەتەیان روون کردۆتەوە کەدەبێت مامناوەندبن و دووربن لەزیادڕەوی و کورتڕەوی، وەبەهەمان شێوە سیرەو ژیانی پێشینی چاك (سلف الصالح) هەمان ئامۆژگاریو داواکاریان هەیە لەم ئوممەتە، بەلاَم ئەم ئوممەتە پارچە پارچە بوون و بوون بەچەندین گروپ و پارچەی گومڕاو جیاوازەوە، کۆمەڵێکیان زیادەڕەویان کردو کۆمەڵێکیشیان کورتڕەوییان کرد. وەمەنهەجی سەلەف لەنێوان هەموو پارچەو گروپەکاندا هەڵگری مەنهەجی مام

(٣) (أخرجه النسائي وابن ماجة وأحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن النسائي: ٣٠٥٧، وصحيح سنن ابن ماجة: ٣٠٢٩، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢١٤٤).

(٤) (سەیری تەخریجی پێشو بکە).

ناوەندێتییە کەهەر کەسێك بەوپەڕی تێگەیشتنەوە لێی تێگەیشتبێت، وەهەر کەسێك لەو مەنهەجە بگات لەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرﷺ و سیرەو ژیانی پێشینە چاکەکان ئەوا دەزانێ وبۆی روون دەبێتەوە کەتەنها مەنهەجی سەلەف مەنهەج و دینی حەقە وتەنها ئەویش دینی مام ناوەندێتی‌یە و هەر ئەویش ڕێگای راستە، وەپێشەواو ڕێ نیشاندەرە بۆ حەق و راستی لەعەقیدەو بیروباوەڕو مەنهەج و پەروەردەو بانگەوازدا، لەکاتێکدا هەموو مەنهەج و ڕێبازەکانی تر لەنێوان زیادڕەوی و کورت ڕەوی دان. مەنهەجی سەلەف مام ناوەندە لەنێوان هەموو مەنهەجەکانی تردا وەك مام ناوەندی ئیسلام لەنێوان هەموو دین و ئایینی نەتەوەکان پێشودا.

## زیادەڕەوی کردنی خەواریج

یەکێك لەو زیادەڕەویانەی کە موسڵمانان گیرۆدەی بوون، زیادەڕەوی کردنی خەواریجەکان بوو کە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ سەری هەڵدا لەلایەن (ذوالخویصرة)، ئەوەش کاتێك کە جەنگی (حنین) تەواو بوو پێغەمبەرﷺ غەنیمەتی دابەشکرد، بەشی زیاتری دا بەکۆمەڵێك خەڵك ئەویش بۆ بەرژەوەندییەکی گەورەتر، سەد وشتری دابەئەمو، سەدی تری دا بەئەو...و....وکەچی هێندەی ئەوانی نەدا بەهەندێکی تریان ئەوەش بۆ بەرژەوەندی ئیسلام بوو، چونکە کاتێك ئەوەندەی دەدا بەم کەسانە ئەوا زیاتر دڵیان بەئیسلام خۆش دەبوو دامەزراوتر دەبوون لەسەر ئیمان و ئیسلام، وە عەشیرەت و هۆزەکانیشیان شوێنیان دەکەوتن، پێغەمبەریشﷺ دووربین بووە و لە هەموو کەسیش دادپەروەرتر بووە.

دوای ئەم دابەشکردنە (ذوالخویصرة) ووتی: (والله ئەم دابەشکردنە رەزامەندی خوای لەسەر نییە، یان دادپەروەر نەبوو تیایدا) پێغەمبەریشﷺ تورە بوو فەرمووی: (کێ دادپەروەرە کەمن دادپەروەر نەبم؟) پاشان فەرمووی: (لە وەچەکانی ئەمەدا قەومێك دەردەچن کە ئێوە نوێژو قورئان خوێندن و ڕۆژو گرتنی خۆتان لەبەرامبەر نوێژو قورئان خوێندنو ڕۆژو گرتنی ئەواندا زۆر بەکەم دەزانن، وە ئەوان لەدین دەردەچن هەروەك چۆن تیر

لەنیـــــشانەکەوە دەردەچـــــێت)[٥].

زیادەڕەویان لە دیندا کرد بۆ داواکردنـی یەکسانی، وەکەوتنە ئەو هـیلاك چوونەی کـە توشـی بـوون و ئـەم ئوممەتەیـشیان توشـــی بـــەهیلاك چـــوون کـــرد وە لـــە نـەوەکانیان قـەومێك دەرچـوون کـەوەك پێغەمبـەرﷺ وەسـفی کـردن بـەوەی کـە کەم تەمەن و کـەم بیروهۆشـن، وە(علـی) وهاوەڵانیان شەهید کردن (رەزای خوایـان لیٚ بێت).

وەنەوەی ئەمانەش ماون تاسەردەمی ئەمڕۆش زیادەڕەویان کردووە لەسیاسەت و حاکمیەت و پشت گویٚ خستنی عەقیدە و مەنهەج و لایەنـە گرنگـەکانی تـری ئـەم دینە مام ناوەندە، بۆیە لەسـەر گـەنجانی ئـەم ئوممەتــە پێوســتە کــە ڕوو بکەنــە قورئانی پیرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەرﷺ کـە باشـترینی ئوممـەتی پـەروەردە کـرد لـەناو خەڵکیـدا کـە فـەرمانیان بەچـاکە دەکردو نەهیان لەخراپە دەکردو باوەڕیان بـــەخوای گـــەورە هێنـــابوو، وە خـــوای گـــــەورەش کردنـــــی بەچـــــاکترین و بەختەوەرترین ئوممـەت و ڕزگـاری کـردن لــەگومڕایی و کــوفر و شــیرك و ڕزگــاری کردن لەئاگر.

وەهەموو ئەمانەش لەبەر ئەوە بوو کـە ئـەوان ئوممـەتێکی مـام ناوەنـد بـوون و باشترین ئوممەت بوون لەناو خەڵکیدا.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

---

(٥) (البخاري: ٣٦١٠).